Revolutionareis Union of Kurdistan

Central Committee

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندی

www.kurdistannet.org

**بەیاننامەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**بەبۆنەی کۆتایی هاتنی شەڕ و رووخانی رێژیمی عێراق**

له ئاكامی ئەو هێرشەی هێزەكانی هاوپەیمانان به هاوكاریی هێزی پێشمەرگەی كوردستان كردیانه سەر دیكتاتۆریی عێراق, رێژیمی تاوانه گەورەكان, رێژیمی كیمیاباران و ئەنفال, رێژیمی تەعریب و تەرحیل, رێژیمی زیندان و پەت و سێداره, رێژیمی شەڕ و كوشتار و ماڵوێرانی, رێژیمی بەعسی فاشیستی عێراق, تێكشكا و هەرەسی هێنا.

بەرمانی رێژیمی بەعسی عێراق, ئاواتی دەیان ساڵەی كورد و عێراقییەكان و هەموو ئازادیخوازان و خەمخۆرانی دیمۆكراسی و مافەكانی مرۆڤ وەدیهات و نەتەوەی بندەستی كورد و گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست له دەس یەكێ له رێژیمه هەره دیكتاتۆر و سەرەڕۆكانی ناوچەكه رزگاریان بوو. ئاكامەكانی ئەم وەرچەرخانه مێژووییه بەناو خۆی عێراق بەرتەسك نابێتەوه و لەسەر هەموو ناوچەكه و بگره سەرلەبەری جیهان شوێن دادەنێ. ئەم رووداوه گرینگە, وەك سەرەتای زنجیره گۆڕانێكی قووڵی هەمەلایەنه له رۆژهەڵاتی ناوەراست دێته بەرچاو كه كۆتایی رێژیمه دیكتاتۆر و تێرۆریست و داگیركەرەكانی بەدووادا دێ.

حكومەتی دیكتاتۆری بەعسی عێراق, نه له ئاكامی ویست و داخوازی عێراقییەكان هاتبووه سەركار و نه هیچ پێگەیەكی جەماوەری لەنێو گەلانی ئەو وڵاتەدا هەبوو. بۆیه بەزەبری ئاگر و ئاسن بەسەریاندا سەپا بوو. باری سیاسی نێو دەوڵەتییش بەجۆرێ بوو كه هەتا ساڵی ١٩٩٠ هیچ گوشارێكی دەرەكیی لەسەر نەبوو و دەوڵەتانی جیهان له حاست تاوانەكانی بێدەنگ بوون.

كارەساتی ١١ی سێپتامبر, باری نێو نەتەوەیی بەلایەكدا خست كه رێژیمی عێراق بكەوێته بەر گوشارێكی توندی نێودەوڵەتی و سەرەنجام هێرشی نیزامیی دەوڵەتی ئەمریكا و ئینگلیس و تێكشكانی بەرگریی هێزەكانی و هەرەس هێنانی یەكجاریی دیكتاتۆری عێراق. بەمجۆره ئاوات و خەباتی گەلی كورد و هەموو عێراقییەكان لەگەڵ بەرژەوەندی و ئامانجی هاوپەیمانان له رووخاندنی رێژیمی دیكتاتۆری بەعس دا یەكیان گرتەوه. بۆیه جێی خۆیەتی كه رۆڵەكانی نەتەوەی كورد و عێراقییه ئازادیخوازەكان و هەموو لایەنگرانی ئازادی و دادپەروەری, بەچاوی رێز و ئەمەگ ناسییەوه بڕواننه بڕیار و كرداری لێبڕاوانەی هاوپەیمانان بۆ دەوری یەكلاكەرەوەیان له رووخاندنی دیكتاتۆری عێراقدا.

ئێمه مانان كه دژی شەڕ و كوشتار و خوێن رێژین, ئارەزوومان دەكرد ئەو گۆڕانكارییانەی له عێراقدا روویاندا, بەبێ هەڵگیرسانی شەڕ و دوور له خوێن رێژی و هەرجۆره كاولكارییەك و بەبێ دەستێوەردانی دەرەكی وەدیهاتبان. بەڵام حوكمی دیكتاتۆری و زەبروزەنگی رووتی فەرمانڕەوایی عێراق, ئەوەی سەپاند كه رووی دا. ئۆباڵی هەموو كاولكاری و خوێن رژان و دستێوەردانێكی دەرەكیش دەكەوێته ئەستۆی سەدام حسەین و رێژیمەكەی كه هەڵبەت لەچاوئەو مەرگەساتەی كه زیاتر له ٣ دەیەیه گەلانی عێراقی تێدا دەژین و له چاو ئەو دەسكەوتانەی بەرووخانی ئەو رێژیمه بەدی دێن, هەر دیار نیه.

ئێستا كه به رووخاندنی رێژیمی سەدام حسەین و تێكشكاندنی مقاوەمەتی هێزەكانی, قۆناغی یەكەمی ئەو گۆڕانكارییه كۆتایی هاتووه و قۆناغی دامەزران و بنیاتنانەوه و رێكخستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی عێراق گەیوه و

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم قۆناغەشدا, دەوری چارەنووس ساز دەگێڕێ؛ پێویستە سەرنجی بەڕێوەبەرایەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و ئۆپۆزیسیۆنی دیمۆکراتی عێراق بۆلای ئەم خاڵانە ڕاکێشین:

١- دیکتاتۆری عێراق و دامودەزگا سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەرەکانی تەنیا ئاکامی حەز و خوو و خەدەی سەرۆکی ئەو ڕێژیمە و ژمارەیەك دەستووپێوەندیی نەبوو؛ بەڵکوو بەرهەم و ئاکامی ڕێژیمێکی سیاسی نەگونجاو لەگەڵ تایبەتمەندیی ئەتنی و سیاسی وڵاتی عێراق بوو, کە تێیدا ژمارەیەك نەتەوە و مەزهەبی جۆراوجۆر بەبێ ویست و ئیرادەی خۆیان و بەپێشێلکرانی هەموو مافەکانیان, پێکەوە لکێنرابوون و دەسەڵاتێکی ناوەندگەرا بە پشت بەستن بە داهاتی نەوت و بەکارهێنانی زەبر و زەنگی بێسنوور, دەیپاراست. بۆیە خۆ ئەگەر, بەرژەوەندیی خاوەن بەرژەوەندییەکان لە عێراقدا, ڕێگە بە پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردی نەدا, ئەوە دەبێ لانی کەم بە دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵی لەسەر بنەمای نەتەوەیی لە عێراقدا, هەم ویست و داخوازیی کوردەکان دابین بکرێ و هەم بەو جۆرە ڕێگە لەگەڕانەوەی دیکتاتۆری بگیرێ و سیستمی دەوڵەت دێمۆکراتیزە بکرێ.

٢- گەلی کورد لە عێراقدا, زیاتر لە هەموو دانیشتووانی عێراق لە لایەن ڕێژیمەکانی عێراق و حکومەتە یەك لە دووای یەکەکانیەوە تووشی چەوسانەوە, سەرکوت و مەینەت هاتووە. لە هەموانیش زیاتر لە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری خەباتی کردوە و قوربانیی داوە. لە ڕووخاندنی ڕێژیمی سەدام حسەین و تێکشکاندنی بەرگریی هێزەکانیدا تەنیا هێزی مەیدانی بوو لە تەنیشت هێزەکانی هاوپەیماناندا. بێجگە لەوانەش, کوردان لە ناوچەکەدا توخمی دژە تێرۆرن و تەنیا هێزی ئامادە و حازری لێدان و ڕادانی ڕێژیمە تێرۆریست و شەڕخوازەکانن. وا ١٢ ساڵیشە, حوکمڕانییەیەکی دیمۆکراتیی بەڕێوە دەبەن کە لە ناوچەکەدا بێهاوتایە. بۆیە بە پێوانەی مافەرەواکانی بێ, یان بەپێی بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی, یان بە حوکمی ویژدان و ئەخلاقی سیاسی هاوپەیمانان, دەبێ کوردەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بەرەسمی بناسرێ و ڕێز لە ویست و داخوازەکانیان بگیرێ. کوردان سەدان ساڵە, عەوداڵی ئازادی و سەربەخۆیین. سەرەڕای سەرکوتی خوێناویی هەموو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی ڕابردوویان و پاش هەرگەلە کۆمەکییەکی نێودەوڵەتیش کە لێی کراوە, قەقنەس ئاسا, هەستاوەتەوە و دەستی بەخەبات کردوەتەوە. چارەسەر کردنی عادڵانەی کێشەی کورد, ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە دەستەبەر دەکا و پێچەوانەکەی هەمیشە دەتوانێ ماکە و هۆکاری ئاڵۆزیی و شەڕ و ناسەقامگیری بێ.

٣- عێراقی ڕزگارکراو لە دیکتاتۆری و جێگە و شوێنی سیاسی قایم و گرینگی لە داهاتووی ناوچەکەدا, هەر لە ئیستاوە بووەتە هۆی چاو و دڵتەنگیی ڕێژیمەکانی ترکیە و ئێران. کاربەدەستانی دەوڵەتی ترکیە, بەبیانووگەلی ناسراوی وەك پێشگیریی کردن لە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی و پاراستنی تورکەمەنەکان, سەرەڕای ئەو ناکامییەی تووشی هاتن, هێشتا لە حەول و تەقەلا بۆ دەستێوەردان لە کاروباری عێراق و پەشێوی نانەوە لە کوردستانی باشور, دەستیان هەڵنەگرتووە. ئاخوندە تێرۆریستەکانی فەرمانڕەوای ئێرانیش کە زۆر بەجێ لە گۆڕانکارییەکانی عێراقدا هیچ حیسابێکیان بۆ نەکراوە, هەر لە ئێستاوە پیلانگێڕییەکانیان بۆ پێشگیری لە جێگیر بوونی سەقامگیریی سیاسی لە عێراقدا دەسپێکردوە. بۆیە هاوپەیمانان و هێزە دێموکراتییەکانی عێراق دەبێ دەس و زمانی تێکدەرانەیان لەسەر عێراق کورت کەنەوە و ڕێگەی خۆ تێهەڵقورتاندن لە کاروباری نێوخۆیی عێراقییان لێڕاوانە لێ بگرن.

٤- بە ڕووخانی ڕێژیمی عێراق, دیکتاتۆری و تێرۆریزم و سەرەڕۆیی لە ناوچەکەدا کۆتایی نەهاتووە. تەنانەت هێشتا سەری مارەکە واتە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی, ماکەی ئاژاوە و ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست, مەڵبەندی بەرهەمهێنانی فیکر و ڕێبازی تێرۆریستی و بنکەی سەرەکیی ڕاهێنان و تەیار کردن و داڵدەدانی تێرۆریستان, سەرچاوەی ماددی دژایەتی کردنی ئاشتی و پەرەپێدان بە چالاکییە تێرۆریستییەکان؛ پان نەکراوەتەوە. تا ئەم ڕێژیمەش لەسەر کاربێ, نە گەلانی ئێران بە ماف و ئازادییە دێموکراتییەکانیان شاددەبن, نە مافەکانی مرۆڤ و بایەخە ئینسانییەکان لەو وڵاتەدا ڕێزیان بۆ دادەنرێ و نە سەقامگیری لە وڵاتانی دراوسێی ئێران جیگیر دەبێ. بۆیە چاوەڕوانییەکی بەجێیە کە کۆمەڵگەی

www.kurdistannet.org

نێودەوڵەتی بەگشتی و هاوپەیمانان بەتایبەتی, بەهەر شێوەیەکی پێویست یارمەتی گەلانی ئێران بدەن بۆ کۆتایی هێنان بە رێژیمی تیرۆریست پەروەر و بەرهەمهێنەری چەکە کۆکوژەکانی کۆماری ئیسلامی و بەدەسهێنانی ئازادی.

کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بەبۆنەی رزگارییان لە حوکمی دیکتاتۆری, پیرۆزبایی پێشکەشی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی دەکا. دەسخۆشی لە هێزی هاوپەیمانان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکا بۆ راماڵینی هێزە داگیرکەرەکان لە کوردستان و تێکشکاندنیان لە هەموو ناوچەکانی عێراق. هەر لەو کاتەدا, سەرەخۆشی پێشکەشی بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدانی پرۆسەی رزگارکردنی عێراق دەکا و لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کە تووشی زەرەر و زیانی گیانی و ماددی بوون هاودەردی دەردەبڕێ.

**کۆمیتەی ناوەندیی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**٢٩/ خاکەلێوەی ٢٧٠٣**

**١٨/ ئاوریلی ٢٠٠٣**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت